Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.5

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Halala Mohammed Rasool
Halalamuhamed447@gmail.com

RECEIVED :12 /07/2025
ACCEPTED :20/08/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

# مۆڕفۆلۆجی ڕێککەوتەیی لە زمانی کوردیدا

**هەڵاڵە محمد رسول/**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی,سەرۆکایەتی زانکۆی پزیشکی هەولێر

**صباح رشید قادر**/ بەشی زمانی کوردی,کۆلێژی زمان،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مۆڕفۆلۆجی ڕێککەوتەیی لەزمانی کوردیدا )یە، لەوجۆرە زمانەدا وەکو هەمو زمانەکانی تر،بەپێی کۆمەڵێک بنەماو یاسا بەڕێوە دەچێ، ئەو زمانەی تیۆری مۆڕفۆلۆجی ڕێککەوتەیی بەڕێوەی دەبات، بە زمانی بینراو یان زمانی وێنەیی ناودەبرێت. بە بەراوردکردن بە زمانە درکاوەکان هەموو ئەو یەکەو کەرەستانەی لەو ئاستەدا بەکاردەهێنرێت، دەکرێن بەنیشانەو وێنە، ئەوەی پێویستی بە وتنە ئەو زمانە لە زمانی ئاماژە (sign language ) جیاوازن، لەلایەکی ترەوە هەندێ کەرەستەی تری وەکو سەرگیر و ژێرگیر بەکاردەهێنێ،کە لە زمانەکانی تردا بەکارنایەت. لەو جۆرە زمانەدا ئەو نیشانانەی بەکاردێن هەندێکیان بەپێی کەلتوری نەتەوەکە دادەڕێژرێن. چەمکی زمانە بینراوەکان و ئاستی مۆڕفۆلۆجی ئەو زمانە چێوەی مەعریفی تیۆریی بۆ ئەو زمانە دادەڕێژێ، دواتر خستنەڕووی ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا وە ڕیزکردنی سەرچاوەکان بە پشت بەستن بە سەرچاوەی پێویست، وە خستە ڕووی پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی،ئێمە هەوڵدەدەین گرنگترین بنەماکانی ئەو جۆرە زمانە بخەینەڕوو، توێژینەوەکە بەسەر (١) بەش دابەش دەبێت و بەو شێوەیەی خوارەوە.

وشە سەرەکییەکان:
زمانەبینراوەکان,
مۆڕفۆلۆجی,
ڕێککەوتەیی,
سەرگیر ,
ژێرگیر.

About the Journal
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی:

### ١.سنور و ناونیشانی توێژینەوەکە:

سنور و ناونیشانی توێژینەوەکە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا دەبێت، بەڵام بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی نموونەکان بە ناچاری هەندێجار پەنا دەبرێتە بەر ئاستی ڕستەسازی، ناونیشانی نامەکە بریتی یە لە مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی، کە زۆر جار لە بازنەی مۆرفۆلۆجی پێکهاتەییدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

### ٢.ئامانجی توێژینەوەکە:

هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی یاساکانی ئەو بۆچوونە مۆرفۆلۆجیە و جێبەجێکردنی یاساکانی بە سەر زمانی کوردیدا، هەروەها ناساندنی بنەماکان و پێوەرەکانی کارکردنی بە خوێنەر لای ئەکادیمستی کوردی.

### ٣.گیروگرفتی توێژینەوەکە:

ئەو گرفتەی ئەو جۆرە مۆرفۆلۆجیە دەیهێنێتەکایەوە لەوەدایە، کە هەندێک لە کەلتورەکان دەسەڵاتیان لە داڕشتنی جۆری وێنەکاندا دەبێت لەبەرئەوە دەکرێت. ئێمە لە توێژینەوەکەماندا پەنا ببەینە بەر هەندێ وێنە کە تایبەتە بە کەلتوری زمانی کوردی نەوەک ستاندارده جیهانیەکان، ئەوەی کە پێویستە توێژەر پابەندی بێت ئەوەیە کە وێنەی بازنەکان بە (قەد) دادەنرێ، ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەکەدان یان کەرەستەی ناو بازنەکە بە (گیرەک) ناودەبرێن.

### ٤.ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە بریتی یە لە ڕێبازێکی وەسفی/وێنەیی شیکاری.

### ٥.گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی نامەکە لەوەدایە کە تا ئێستا لە دوو تویێ نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا توێژینەوەی لەم جۆرە ئەنجام نەدراوە.

### ٦.ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بریتی یە لە (١) بەش و، جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. و سەرەتایەک بۆ چوونە ناو باسەکەوە، بە پێی پلانێک دابەشی سەر (٧) تەوەر دەبێت. تەوەری یەکەم: تایبەتە بە مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی لە زمانی کوردیدا و گرنگترین ئەو لایەنەنانە دەخرێتە ڕوو. لە تەوەری دووەمدا وێنە هێماییەکان و وێنەی شتەکان لە جیهانی کەتواریدا (واقیعی) دەخاتە ڕوو. لە تەوەری سێیەمیشدا تیۆری زمانی بینراو دەخرێتە ڕوو. لە تەوەری چوارەمدا مۆرفۆلۆجی زمانە بینراوەکان دەخرێتە ڕوو. لە تەوەری پێنجەمدا مۆرفۆلۆجی ڕێککەتەیی بینراو بە هێلکاری ڕوون دەکرێتەوە. و خاڵی شەشەم ڕۆنانە هاوتەریبەکان و داڕشتنی توخمە پێکهێنەرەکانی زمانی بینراو وە لە تەوەری (حەوتەمدا) چێوەڕێژە بەرهەم هێنەکان تەرخان کراوە.

### -چەمک و پێناسەی مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی: (Combinatorial morphology)

مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی، هەوڵێکە بۆ لێکدان و تێکەڵکردنی توخمەکان (توخمە بینراوەکان) توخمە لێکدابڕاوەکان (وەکو یەکەی مۆرفۆلۆجی لە مۆرفیمەکان) بۆ بەدەستهێنانی واتای ئاڵۆز، هەروەکو ئەوەی لە زمانە درکاوەکان بەدیدەکرێت.

مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی وەک لقێک لە لقی زمانەوانی لە نێوان بوارەکانی زمانەوانی و زانستی مەعریفی و زانستی نیشانەکاندا Semiotics، بۆ شیکردنەوەی زنجیرە وێنەکان، کە لە شێوەی چیرۆکە وێنەدارەکان (Comics)، هێماو نیشانە گوزارشتیەکان (Emoji) و هێما وێنەییەکان.(بڕوانە: Booij,2018,175) ە.

**- سەرەتا:**

هەروەک چۆن نەخشەی ڕۆنانی لە جووتبونیاندا لە نێوان دەنگ و واتادا، فەرهەنگی زمانە درکاوەکان پێکدەهێنێت، بە هەمان شێوە نەخشەڕۆنانی ڕیکەوتنی نێوان وێنەکان و واتا یەکەی فەرهەنگی بۆ زمانە بینراوەکان دەهێنێتەکایەوە، هەندێ لەو نواندنانەش دەکرێت واتایی پێکهاتەیی لە خۆبگرێت، کە لە ئەنجامی جێگۆرکێ، زیادکردن یان دووبارەکردنەوەی هەندێ مۆرفیمە وێنەییەکان دەهێنێتەکایەوە، بۆ نموونە:

بڕوانە وێنەی ژمارە (٥):

دڵ دەکەوێتە بۆشایی سەری مرۆڤەوە

یان، جێگەی چاوەکان دەگرێتەوە

بۆ گەیاندنی ئەوەی کەسێک کەوتۆتە خۆشەویستیەوە

یان سوڕانەوەی چەرخەیەکی دداندار، لە سەری مرۆڤێکەوە، بە واتایی ئەوەی ئەو کەسە لە بیرکردنەوەدایە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا چۆن مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی لە زمانە بینراوەکاندا کاردەکات، بە پێداگری لە سەر پاراستنی هاوسەنگییەک لە نێوان کرۆک و (Intrinsic) و واتا ڕۆنانە دابەشکەرانەییەکان، و جیاوازی نێوان واتای سەرچاوەیی و بەرهەمداری، هەروەها پرۆسە ئەزموونیەکان بەپێی جۆرا و جۆرییەکانی ڕۆشنبیری و کەلتورەکان گۆڕان و چارەسەرکردنیان جیاواز دەبن، بە کورتی ئەو پرۆسەیە هەوڵدەدات، لێکچواندن و نزیککردنەوە یەک لە نێوان ئەو دوو بوارەی زمان (بینراو، و درکاو) دەست نیشان بکات، مەبەست لە زمانی (Verbal, Visual) ە لە زمانی ئینگلیزیدا.

**- وێنە هێماییەکان:**

ئەگەر وێنەی شتەکان وەک ئەوەی لە جیهانی کەتواریدا (واقیعی) هەیە بگوازرێتەوە زۆربەی وێنەکان بە نامۆیی دەردەکەون، بۆ نموونە ئەو هێلکاریانەی وێنەی جەستەیەکی جوڵاوەدەدەن، واتای جوڵەکە دەگەیەنن، ئەوچەرخە دداندارانەی لە سەرەوەی سەری مرۆڤ وێنەدەکرێت،وەکوئامێرێک سەیرناکرێت، بەڵکو وەکو "بیرکردنەوە " لێکدەدرێتەوە، لە هەمان کاتدا، هەندێجار دڵەکان یان نیشانەی پارە (دراو) لە شوێنی چاوی کەسێک دادەنرێ بۆ گوزارشتکردن لەوەی ئەو کەسە ئارەزوومەندە و تامەزرۆی سامانە، ئەو جۆرە نەریتە هەندێ واتا دەهێنێتەکایەوە کە لە نیشانەی درکپێکراوەکان دەپەڕێتەوە، لە بنچینەشدا ئەو بەکارهێنانە شێوەی لە سیستەمی وێنەکاندا بەر لە هەزاران ساڵدا بەکارهێنراوە. (بڕوانە: Wichmann & NieLsen,2016.313) . بەهۆی ئەوەی ئەو زمانە،تایبەتمەندیی پێکهاتەیی خۆی هەیە، بۆیە زۆرجار دەبێ ئەو شێوە وێنەییانە بە یەکە فەرهەنگیەکانی زمانی ئاخاوتن بەراورد بکەین. ئەمەش وا دەکات ئێمە لە سروشتی زمانی پێکهاتەی ئەو جۆرە زمانە تێبگەین.

**- تیۆری زمانی بینراو: (Visual language Theory)**


لە توێژینەوەکانی ئێستای بواری زمانەوانی،بەراوردکردن ڕێبازێکە لەو ڕێبازانەی پەنای بۆ دەبرێت بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتی دیاردەکە، ئەو بەراوردکردنە لە نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی بینراویش پەیڕەودەکرێت. هەوڵێکیشە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕۆنان و لایەنی مەعریفی زمانەکە.(بڕوانە:Cohn,2013, 7). زمان بریتییە لە کۆمەڵە چێوەڕێژێک (قالب)، کە وەکو سیستەمێک لە مێشکی مرۆڤ کاردەکات، بە قەد ئەوەی قاڵبەکانی قسەکەرێکی زارێک لەگەڵ هاوقسەکەرانی خۆی لێکدەچن، بەڵام زمانێکی هاوبەشیان لە نێوان‌دا هەیە. ئەو بنەمایە نەک تەنیا

لە زمانەکانی ئاخاوتن (درکاوەکان) و زمانە ئاماژەییەکان، بەڵکو لە نواندن و ئەو میکانیزمانەی لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زانیارییە وێنەییەکانی وێنەکاندا جێبەجێدەکرێت.
دەکرێ پێناسەیەکی تر بۆ زمان بکرێتەوە کە بریتی یە لە:
(سیستەمێکی گوزارشتکردنی هاوبەشە لە نێوان کۆمەڵە کەسانێک بە بەکارهێنانی ڕێگەی (زانستی دەنگ، و وێنەکان) بە جۆرێک نەخشەسازکراوە.
بە پێی واتاکان بۆ بونیادنانی یەکەی فەرهەنگی (وشە، وێنە). بەو پێیە زمان لە سنووری بەستنەوەی (دەنگ بە واتا) دا ناوەستێ، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن لە نووسین و وێنەکانیشدا، ئەوەش دەبێتە جۆرێکی تر لە نواندن و تێگەیشتن لە هێمای نوسین و وێنەکاندا. تیۆری زمانی بینراو (Visual language Theory) کورتکراوەی (V L T) ە، مەبەستی تیۆری بینراوەکان ئەوەیە کە ڕۆنانی لێکچوو، و هاوشێوە و هاومیکانیزم لە مێشکی مرۆڤدا بە هۆی بوار و مەوداکانیانەوە فراوان دەکرێن.
زمانە بینراوەییەکان لەگەڵ سیاقی جیاواز کاردەکات، وەکو سیاقی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتوری، هەروەک چۆن زمانە درکاوەکان لە نێوان نەتەوەکاندا جیاوازن بە هەمان شێوە زمانی بینراویش جیاوازن، بە تایبەتی لەو هێما گوزارشتکراوانەی هاوڕێیەتی باشیان لە نێواندا هەیە، لە پاڵ ئەو هێما و نیشانانەی لە چیرۆکە وێنەدارەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەو پێیە سیاق و ئەرکی وێنەکان بەشی کەلتور و ئەرکە جیاوازەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە چیرۆکی پاڵەوانە تواناداره لە ڕادەبەدەرەکان لە چیرۆکە وێنەییەکانی ئەمریکا جیاوازە لەوەی لە زمانە وێنەییەکانی یابانی بەکاردێن بە شێوەیەکی جۆری لە (مانغا) بەکاردێت، زۆربەی ئەو چیرۆکە وێنەدارانە دەچێتە بواری زیاتر لە سیاقێکەوە و بۆ گەیاندنی زیاتر لە ئامانجێک بەکاردێت. (بڕوانە: Force Ville etala,2012:45). بەپێی ئەو جۆرە زمانە ئێمە بە وێنە لە زمانە درکاوەکان پێداگریمان زیاتر لە سەر (یەکە فەرهەنگیە وێنەییەکان) دەبێت، لە پاڵ ڕۆنانە نەخشەییەکانی، لە نێوان فۆرمە (وێنەکان) و ئەو واتایانەی وێنەکان دروستی دەکەن. ئەوتوێژینەوە دەبێ تیشک بخاتە سەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی ئەو جۆرە زمانەوە، کە لە نواندنە نیشانەییەکان تێپەڕدەدا. گفتوگۆکە زیاتر بۆ ئەوە دەچێت کەوا ڕۆنانی توخمە فەرهەنگییە بینراوەکان بەرامبەر یان هاوتەریب دەوەستێ لەوەی لە سیستەمی زمانەکانی تردا بەدیدەکرێت. دەکرێ بۆ داڕشتنەوەی سیستەمێک بۆ ئەو جۆرە زمانە، هەمان ڕێبازەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی بەکاربێت.
(مانغا): ناوی ئەو چیرۆکە وێنەدارانەیە کە بۆ منداڵان و هەرزەکاران دەنوسرێت.

### -مۆرفۆلۆجی زمانە بینراوەکان (زمانە وێنەییەکان): (Visual Morphology)

بە پێی بۆچوونی ئەو زمانەوانانەی لەو بوارەدا کاردەکەن پێیانوایە دەکرێت یەکە فەرهەنگیەکانی ئەو جۆرە زمانە بە سەر دوو پۆل دابەشبکرێت، پۆلەکراوەکان class open و پۆلە داخراوەکان closed class (بڕوانە:Cohn,2013b,38). ئەو یەکە فەرهەنگیانەی دەچنە پۆلی یەکە کراوەکانەوە، بوار دەدەن بە جۆری نوێی یەکە و توخمی فەرهەنگی بونیادبنێن لە فۆرمە بینراوە وێنەییەکاندا. ئەو فۆرمە فیزیکییە لە وێنە ئایکۆنیەکان (نیشانەکان)ن، ئەوەش ئاسانە کەوا داڕشتەیەکی هێلکارییانە بۆ ئایکۆنەکان دروستبکرێت، ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەو ڕێگایە کە سەیری وێنەکان دەکرێت.
(وەکو وێنەی کەسەکان، وێنەی ئاژەڵ، وێنەی درەختەکان، بینا و تەلارەکان...هتد، یان لقە پێکهێن و ڕۆنانەکانیان). پۆلە داخراوەکانی یەکە فەرهەنگیەکان، کۆتکراو بەستراوترن لە بونیادنانی فۆرمی نوێ،هەندێ توخمی نابینراو، و نا نیشانەی/نائایکۆنی بۆ نموونە وێنەی ئەو هێڵانەی جوڵە دەگەیەنن


لەو وێنانەی خوارەوە دەیگەیەنێت، بۆ نموونە:
وێنەی ((دڵ))ێک لە سەرووی (سەر)ی مرۆڤێک، کە بۆ گەیاندنی خۆشەویستییە، هەندێ لەو توخم و یەکە فەرهەنگییە وێنەییانە دەکرێ سەراپا و باوتربن لەلایەن زۆربەی زمانەکاندا، لە ڕووی ئەوەی ڕێکەوتنێک لە نێوان زمانەکاندا هەیە، بۆ نموونە وێنەی کەسەکان لە زۆربەی زمانەکان لێکدەچن.بۆیە ئەو توخمانە وەکو مۆرفیم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.(بڕوانە (Engelhardt, 2002:4: هەندێ لەو وێنە کێشانە:




وێنەکانی ژمارە (١)

## -پێوەلکاندن : بەگیرەککرد Affixation

ئێمە گەر لەو وێنانەی سەرەوە وردبینەوە سەبارەت بەو پەیوەندییە مۆرفۆلۆجیە بیزراوە (وێنەییانە):-
وێنەی(a) لکاندن/ بە گیرەکردن دەگەیەنێ.
وێنەی (b) دا تەواوکار/ جێگۆرکێ AffiXation دەگەیەنێ
Substitution/Suppletion لە وێنەی (c) یدا دووبارەکردنەوە Reduplication دەگەیەنێ، ئەوەی پێوستی بە وتنە کەوا وێنە،بازنەییەکان وەکو فۆرم بە تاکە مۆرف Mono-Morphسەیردەکرێت ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی وێنەکە وەکو گیرەک (پێشگر و پاشگر) سەیردەکرێت.




وێنەکانی ژمارە (٢)

**نمونەی گیرەکەکان کە بە تاکە مۆرف (تاکە فۆرم)ێکەوە دەلکێن .**

تاکە فۆرمەکان لە شێوەی (تۆپی جوڵاوە، ئەستێرەی گەشاوە)، هەندێ لە بۆشایی سەرەوە (بەو

شێوەیە مۆرفیمە بەندەکان لە جۆری زمانە بینراوەکاندا بە قەدی تاکە مۆرفیمەکەوە دەنوسێ، بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی گەورەتر دروست بکات، بۆ نموونە:

هێمایەکانی جولاندن بە جەستەیەکی جولاوەوە دەنوسێ


ئەستێرە پێکدادراوەکان بە جەستەیەکی پێکدادراو دەنووسێ

ئەو گیرەکانەی دەکەونە لای سەرەوەی (سەری مرۆڤ) بۆ گەیاندنی بارێکی سۆزداری/بارێکی عەقلگەرایی، هەریەکێک لەو گیرەکانە بە تاکە مۆرفیمێکەوە دەنوسێ، گیرەکەکان هەموویان مۆرفیمی بەندن،چونکە لە سرووشتی (ناتەواوی و ناتەواوکەری) یان دەردەکەوێت،چونکە بە لابردنی تاکە مۆرفیم/مۆرفەکان،گیرەکەکان هیچ ئەرک و واتایەکیان نامینێ.(بڕوانە: Jackendoff&Audring, 2016:488) دەکرێ ئەو سرووشتە بەندکراوەی گیرەکەکان لەو هاوکێشەیەی خوارەوە بەرجەستە بکرێت:


[mono morph {Mono morph-(AFFix)}]

لێرەدا ئەوەی پێویستی بە وتنە ئەو هێلکارییەی لە مۆدەلی مۆرفۆلۆجی پێکهاتەیدا (Constructional Model of Morphology) کە لە یادگەدا کۆگاکراوە.(بڕوانە: Booij,2010,83).ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە بۆ هاورەتیبوونی مۆدەلی پێکهاتەیی لە مۆرفۆلۆجیدا، وەکو وتمان ئەو هێلکارییە لە یادگەدا کۆگاکراوە، نەک وەکو یاسایەکی ڕێکاری، ئەو هێلکارییە تۆمارییە لە فۆرمێکی تاک و پاشگرێکی (سەرپشکی)، لێرەدا ڕێزبوونەکە گرنگ نییە بە کەوانە چەماوەکان (Curly brockets)، لەو کاتەی ڕۆنانی وێنەکان پەیوەندی فیزیکی جۆراو جۆر دەستنیشان دەکات، لێرە پەیوەندییە شوێنییەکان گرنگ نابێت، لەوەی ئەگەر گیرەکەکە بکەوێتە لای سەرەوە تاکە فۆرم و مۆرفیمەکە، لە زۆربەی بارەکاندا تاکە مۆرفیمەکان دەبن بە قەد وەکو بنکە بۆ وەرگرتنی گیرەکەکان.

لە پاڵ ئەوەی هەندێ وێنە گوزارشت لە بەشێکی یان پارچەیەکی جەستەی مرۆڤ دەکات وەکو (وێنەیەکی برِاو لە دەستێک هەندێ ئەستێرەی لە سەرە،کە ئازار دەگەیەنن.(بڕوانە: Koch,1997:1). کۆهن لە پرۆپۆزەلەکەیدا کە لە بارەی مۆرفیمە وێنەیەکان خستیەڕوو، قەدەکان لە مۆرفیمە بەندەکان جیاناکاتەوە (بڕوانە:Willet Feuer & Bateman,2016:19) سەیری وێنەی خوارەوە بکە:




وێنەکانی ژمارە (٣)




وێنەکانی ژمارە (٤)

وێنەکە پێوەلکانی گیرەکەکان بە گیرەکی ترەوە دەخاتەڕوو لە پاڵ تاقیکردنەوە (لادان -deletion) ئەوەش یەکلاکردنەوەی پەیوەندیداری بە وێنەکانەوە هەیە.
ئەو پرۆسە هەرەمیە زیاتر ئەوە دەخاتەڕوو کە دەکرێت گیرەکەکان ببن بە قەد بۆ گیرەکی تر، بۆ نموونە لە وێنەی (3a)ئەستێرە کاریگەرەکە بە هیچ ڕێگەیەک بە تاکە مۆرفەکەوە نەبەستراوەتەوە، کە وێنە بازنەیەکەیە وەکو (تاک مۆرف)، بەڵکو بەو گیرەکانەوە بەستراوەتەوە بە هێڵی جوڵەکانەوە، ئەوانەش بە کۆمەڵێک گیرەکی ترەوە دەورەدراون،زیاتر کارکردنی وێنەکان بۆ دیاردەی لادان دەکات، لە چاو زمانە درکاوەکاندا جیاوازی دەبێت،لە زمانە بینراوەکاندا دەکرێ قەد لابدرێت، یەکێک لەو گیرەکانە ڕۆلی قەدەکە بگێڕێت .


**- بنەما سەرەکیەکانی مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی بینراو:**

١.ڕۆنانی قەد و گیرەکەکان یەکە بینراوەکانی وەکو پاشگر/گیرەک (Affixes) کاردەکەن و بە قەدەوە (Stem) دەلکێن بۆ نموونە:
گیرەکی سەروویەکان (UPFIXES) ئەو تووخمانەی لە سەرووی (سەر – Head) جێگە دەگرێتەوە دەشەکێتەوە بۆ نموونە:

چرایەک - 💡 لە سەرووی ڕووخسار بۆ گەیاندنی سروش/ ئیلهام

هەور - ☁️ ڕەشەبا = تورەبوون

٢. **لە بری دانان (substitution):** گۆڕینی بەشێک لە قەدەکە بۆ نموونە دانانی دڵ ❤️ لە بڕی چاوەکان،چاوەکان بەشێکن لە سەری مرۆڤ سەر بە قەد دادەندرێت دانانی وێنەی دڵ لە شوێنی چاوەکان= خۆشەویستی.




وێنەکانی ژمارە (٥)

**دووبارەکردنەوە Reduplication : دووبارەکردنەوەی تووخمەکان بۆ گەیاندنی جوڵە بۆ نموونە:**



دووبارەبوونەوەی دەستەکان بۆ گەیاندنی جوڵە.

شەکانەوەی دەستەکان، ئەو پێکهاتانە یاسای نابەرجەستەن، لەوەی دەبێ گیرەکەکان لە ڕووی شوێنەوە لەگەڵ قەدەکان بگونجێن وەکو دانانی گیرەکەکان لە ڕووی شوێنەوە لەگەڵ قەدەکان بگونجێن وەکو دانانی گیرەکە بەرزەکان لە سەرووی سەرەوە (بڕوانە: Cohn,2018,175).

هەندێجار پرۆسەکە شێوەیەکی قوچەکیی (هەرەمی) وەردەگرێت، لەوەی دەکرێت گیرەکەکان (پاشگرەکان) وەکو قەد بۆ پاشگرەکانی تر سەیر بکرێت، گەر سەیری لایەنی مۆرفۆلۆجی لە وێنەی سەرەوە لە (3a) بکەین، ئەستێرە کاریگەرەکە (Impact Star) هیچ پەیوەندیەکی بە تاکە فۆرمەکەوە (تاکە مۆرفەکەوە) نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گیرەکێکی (هێمای جوڵەوە) هەیە، لە پاڵ ئەوەدا هێڵەکانی جوڵە بە گیرەکی (بازنە دداندارەکان). نەک بە تووخمە (سەر)، کە وەکو قەد/تاکە فۆرم دەردەکەوێت، ئەو تاقیکردنەوانە بۆ (لادان-Deletion) کرا ئەوەی دەرخست، ئەو گیرەکانە بە قەدەکانەوە نەلکاون، بەڵکو بە گیرەکی ترەوە دەلکێن، وەکو لە وێنەکەی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە. لابردنی گیرەکەکان نواندنێکی تێکگیراو دەگەیەنێ (هەرچەندە واتا دەگۆڕن)، بەڵام لادانی گیرەکە بنچینەییەکان وێنەیەکی نایەکگرتوو دەخاتەڕوو وەکو لە (3c) نیشاندراوە، بە هەمان شێوەی لابردنی قەدەکان، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە وێنە فیزیکییەکاندا دەکرێت بە گیرەکی ترەوە بلکێنین، دەکرێ ئەو بۆچوونە بە یاسایەک گشتگیربکرێت بەم شێوەیە.

[AFFix {Affix- (AFFix)}]


وێنەکە و هاوکێشەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا (گیرەکە لارەکان)، دەکرێ بە گیرەکی ترەوە بلکێ لە شێوەی گیرەکی گەورەتردا، پەیوەندیەکی هەرەمی لە نێوان گیرەکەکان دەردەکەوێ ئەستێرە کاریگەرییەکە بە هێڵەکانی جوڵەوە بەستراون هەردووکیان بە یەکسانی لەگەڵ قەدەکان جووتنابن سەیری وێنەی (c3) بکە. بەو پێیە دەکرێت بگەین بە هەندێ چەمکی بنچینەیی لە مۆرفۆلۆجی وێنەیی/فیزیکیدا،کە نەخشەی زانیاری فۆرم-واتا بونیادبنێت، ئەو هێشووە زانیارییە مۆرفۆلۆجیانەی دەتوانن بە تەنیا بوەستن و ڕۆڵ بگێڕن ئەوانە تاک مۆرفەکانن Mono morph، کەچی لقە تاک مۆرفەکان ناکرێت سەربەخۆبن، بەڵکو بە وردە فۆرم/مۆرف micro-morph سەیربکرێت. گیرەکەکان مۆرفیمی بەندن، کە دەبێ بە تاکە مۆرف،یان وردە مۆرفەکانەوە بلکێن. لە هەندێ باری دیاریکراودا دەکرێت بە گیرەکی ترەوە بلکێن. (بڕوانە :Cohn,2016,9).

**- ڕۆنانە هاوتەریبەکان: The parallel architecture**

دوای خستنەڕووی لایەنە بنچینەییەکانی مۆرفۆلۆجی بینراو، بە جیا لە واتاسازی، ئێستا وەکو جاکندۆف پێیوایە دەکرێت ئەو زانیارییە لە نموونەیەکی فراوانتردا کۆبکرێتەوە،باشتر پەیوەندییەکان ڕوون بکاتەوە، بەمەش تیۆری زمانە بینراوەکان لە چوارچێوەیەکی زمانەوانی فراوانتر ناوزەندبکرێن بە ناوی ڕۆنانە هاوتەریبەکان.(بڕوانە: Jackin doff&Audring,2016: 467 هاوسەنگیەک لە نێوان مۆرفیمە جیاوازەکانی ڕۆنانەکانی دەخاتەڕوو بۆ دروستکردنی سیستەمێکی زمانی دیاریکراو. کۆهن لە ساڵی(٢٠١٦) هەندێک نموونە دەخاتەڕوو وەکو بەراووردێک لە نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانە بینراوەکاندا،بۆ نموونە:

لە وشەیەکی وەکو: Cat پەیوەندی نێوان دەنگسازی Kaet /و مۆرفۆلۆجی(وشە) و ڕستەسازی

(ناو) و واتاسازی(CAT). که له یادگەی قسەکەرەکە وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی (بە هێما – encode) کراوە، بە هەمان شێوە لە مۆرفۆلۆجی بینراودا، کارلێکێک هەیە لە نێوان ڕۆنانە وێنەیی (ڕاستەهێڵەکان، و شێوەکان) کە شێوەی وێنەدار دەهێنێتەکایەوە، ڕۆنانی مۆرفۆلۆجی و ڕۆنانی سیمانتیکی لە شێوەی ڕۆنانی چەمکی دەهێنێتەکایەوە، لە خوارەوە لە وێنەی (٦) دا باشتر ڕوون دەبێتەوە.




*GS :* [ JUXTPOSE (2, 1)]
هاوسێیەتی

*Ms :* [ Mm Monomorph$_1$ $_AFFix_2]_{\mathrm{i}}$
تاك فۆرم

*Cs :* $\left[\text{event GO ([Object X}_1\text{]; [path FROM (A), TO (B)]}_2)\right]_{\mathrm{i}}$
بەرکار/باسلێکراو

دەروازەی فەرهەنگی بۆ ڕاستەهێڵە جووڵاوەکان لە ڕۆنانی هاوتەریبەکان

وێنەکانی ژمارە (٦)

لە وێنەی (٦) لە سەرەوەدا. تۆپێک نیشاندەدات لە ژێرەوەی وێنەکەدا دەجولێ، هێمایەک هەیە بۆ دەروازەی فەرهەنگی Lexical-entry لە ڕاستە هێڵێکی جولاو لەگەڵ جەستەیەکدا، هەر ڕۆنانێک وەسفی جۆری جیاوازی زانیارییەکان دەکات کە لە نواندنەکاندا بەکارهێنراوە، هێما و ئامرازی جیاواز بەکارهاتووە (Graphic Structure-(GS ڕۆنانی وێنەیی وەسفی توخمە وێنەییەکان بکات،کە لە فۆڕمە فیزیکیەکان بەکارهاتووە. ئەو تووخمە وێنەییانەی وەکو ڕاستەهێل، چەماوەکان، خاڵەکان و یاسا پێکهێنەرەکانی، ئەو تیۆرە پێویستی بە دەنگسازییەکی ئاڵۆز هەیە، بۆ خستنەڕووی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تووخمە وێنەییەکان، ئەو پەیوەندییە وەک لە هێلکارییە هاوکێشەییەکاندا هاتووە وەکو:

أ.هاوسێیەتی تووخمەکان.

ب.گۆڕینی تووخمێک بۆ تووخمێکی تر.

پ.هەندێکیان بخرێنە ناو ئەوانی تر.

ت.لێکدانیان بەیەکەوە.

ج. شـــێوانـدنیـان. (بڕوانە: Phillips &MC Quarrie Schilperootd,2017,212 &2004:182 بەپێی ستراتیژی مۆرفۆلۆجی ئەوەی لە سەرەوە خرایە ڕوو وەسفی بەگیرەککردن، جێگۆرکێ و دووبارەکردنەوە دەدات. بە واتایەکی تر ئەو وێنانە تەنیا وەسفی ڕۆنانی وێنەییەکان ناکات، بەڵکو لە نێوان ئەو وێنانە و مۆرفۆســـینتاکس دەکات، کە بەشـــێکە لە ئامانجی تیۆرەکە.

بەپێی ئەو وێنە هاوکێشەییە، لە سەرەوە خرایەڕوو، ئەو ڕوونکردنەوەیە لە بارەوەیەوە دەدەین: لە نێوان وێنەی تۆپەکە، کە ژمارەی (١) ی پێدراوە، هێڵە چەماوەکانی سەرەوە کە ژمارە (٢) ی پێدراوە لە ڕۆنانی وێنەکەدا پەیوەندی هاوسێیەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ڕۆنانە وێنەییەکە هێمای GS پێدراوە لە ڕۆنانە مۆرفۆلۆجیەکاندا کە بە (MS) هێماکراوە، وێنەی تۆپەکە لە ژمارە (١)ی وەرگرتووە دەبێتە تاک-مۆرف وەکو قەد مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەگەڵ ژمارە (٢) کە ڕاستەهێڵێکی چەماوەییە گیرەک دەنوێنێ.

لە ڕۆنانە چەمکیەکاندا (ڕۆنانە واتاییەکاندا) (GO) وەکو کردار، وەکو ڕوودا لە A ⟶ B

دەڕوات کردارەکە ڕۆلێکی واتایی بە (X) دەدات،هەر گۆڕاوێک بێت لە زمانی درکاودا وەکو بەرکار/بابەتی باسلێکراو دەخرێتە ڕوو، ڕۆلێکی واتایی لە کرداری (GO) وەردەگرێ. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە نێوان (X) , (Z) دا هاونیشانەیەک بەدیدەکرێت هەردووکیان (CO-index) ی (j) وەردەگرن، لەوەوە دێت کە کاتێ قەدەکە (ەکە) گیرەکێک هەڵدەبژێرێ دەبێ گونجاوبێت لەگەڵ فۆڕمی قەدەکە، ڕۆڵی بابەتانەی ڕۆیشتن لە A بۆ B ڕۆڵی بابەتانەی ڕێڕەو بە وێنەکە (گۆڕاوەکە) دەبەخشێ.

ئەو ڕوونکردنەوەی لە سەرەوە خراوەتە ڕوو بریتییە لە داڕشتنێکی وێنەیی،کە بە دوو هۆکارەوە گرنگن:

١. لە ڕێگەی ئەو داڕشتنەوە دەکرێت لە تووخمە پێکهێنەرەکانی زمانی بینراو بگەین.

٢. لە ڕێگەی ئەو داڕشتنەوە فەرهەنگێکی فیزیکی بۆ زمانە بینراوەکان بونیادبنرێت، کە لەگەڵ دەروازە فەرهەنگیەکانی جۆرەکانی تری زمان هاوتا و هاوتەریب بن. بەمەش ڕۆنانە هاوتەریبەکان دەکرێ پێشبینی ئەوەبکرێت، کەوا نواندنی مەعریفی مۆڕفیمە بینراوەکان پەیوەندییە جیاوازەکانی بوارەکانی ڕۆنانەکان لە یادگەدا کۆ (تۆمار) دەکرێ. ئەو ڕۆنانە جۆراو جۆرانە بۆ نموونە: (ڕۆنانی چەمکی فۆڕمی درکاو، و وێنەیی ڕۆنانەکان) ن.

### - چێوە ڕێژە بەرهەمهێنەکان Productive Schemas

هەندێ چێوە ڕێژەی نابەرجەستەن، ڕێگە بە بونیادنانی پێکهاتەیی نوێ دەدات. بۆ نموونە:
چێوە ڕێژەی گلۆپی لای سەرەوەی کە: ڕەگ/قەد،گوزارشتی ڕووخسار لە خۆ دەگرن، ڕوخسارێکی تامەزرۆ/وروژاو دەگەیەنێ.

گیرەکەکە: نیشانەی گلۆپەکە / چراکە 💡
ئەو واتایەی کە لە وێنەکەدا (ئیلهام) (واتای ئایینی،بۆماوەیی،ڕۆشەنبیری) دەگەیەنێت.
ڕۆنانە نەگونجاوەکان بۆ نموونە (گلۆپەکە+ڕووخسارێکی خەمگین)، ئەستەم دەخاتە تێگەیشتنەکە وەکو N 400 وەک کاردانەوەیەک لە هێلکاری شەپۆلەکانی دەماغ دەدردەکەوێت. وەک هەندێ نموونە لە هۆیە بینراوەکان لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

| سیاق | واتا | کردەی مۆڕفۆلۆجی | نموونە |
|---|---|---|---|
| چیرۆکە وێنەییەکانی هێما گوازراوەکان | بیرۆکە/ئیلهام | پرۆسەی مۆڕفۆلۆجی | سەرووی سەر |
| ئیمۆجی مانگا | خۆشەویستی | لە بریدانان | ❤️ لە شوێنی چاو |
| فیلمی وێنە جولاوەکان | بیرکردنەوە/ چارەسەر | پێکهاتە | 💥 لە سەرووی سەر |
| چیرۆکە وێنەجیهانییەکان | خێرایی/ ئاراستە | پێکهاتە | هێلەکانی جولە (....) |
| نووسراوەکانی ڕێنمایی | ئاماژەدان بە جولەی بەردەوامی | دووبارەبوونەوە | دووبارەبوونەوەی دەستەکان |

(بڕوانە: Stonham,2011.12)

زۆرجار جیاوازی لە نێوان کەلتوور و ڕۆشـــنبیرییەکان وا دەکات ئەو هێڵ و هێمایانە جیاوازبن، بۆ نموونە ((مانغا)) ی یابانی هێڵەکانی دواوە بەکاردەهێنن بۆ ئاماژەدان بۆ جوڵەی چاودێرەکە. چیرۆکە وێنەدارییەکانی ئەمریکی پێداگری لە ســەر ئەو هێڵانە دەکات کە بە شـتەکان لکاون، نەک دابڕاوەکان.

**ئەو کۆت و بەندانەی ئەو تیۆرە دەیسەپێنێ:**

١.دەست نیشانکردنی پێگەکان:

گیرەکەکان شــوێنی جێگری خۆیان هەیە (بۆ نموونە گیرەکە بەرزەکان (ســەرووییەکان) دەبێ لە سەرووی سەرەوەبێ.

٢.دەقبەستی واتایی:

دەبێت گونجاندنێک هەبێ لە نێوان قەد و گیرەکەکان لە ڕووی واتاییەوە بۆ نموونە:

(بازنە دداندرەکان + ڕووخساری بیرکەرەوە = بیرکردنەوە)

(بازنە دداندارەکان+ ڕووخسارێکی گریاو = پێچەوانەیی)

گشـــتاندنی ABA هەندێ جۆرن، کە توخمی یەکەم و ســـێیەم تایبەتمەندی (A) وەردەگرن، B جیاوازە و لە مۆرفۆلۆجی بینراو بوونی نیە وەکو مۆرفۆلۆجی زمانە درکاوەکان.

**ئەنجامەکان:**

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

١. بەرامبەر بە زمانە ئینگلیزییەکان زۆرجار (Visual Language) بەکاردەهێنن کە بە زمانی بینراو (زمانی فیزیکی) ناو دەبرێت.

٢، مۆرفۆلۆجی ڕێککەوتەیی یەکێکە لەو تیۆرانەی کە پشـــت بە وێنە بینراوەکان دەبەســـتێ، لە بەرئەوە ئاستی دەنگ وەکو پێکهاتەیی دەنگ و فۆنیمەکان دەگۆڕدرێن نەک وەک دەنگی بیستن.

٣. لەو جۆرە مۆرفۆلۆجیەدا لە پاڵ (پێشـگر و پاشـگر و ناوگر) هەندێ گیرەکی تر دروست دەبن وەکو (سەر گیر) (UPffixes) (ژێر گیر) (Down fixes).

٤. ئەو جۆرە مۆرفۆلۆجیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ وشـــە و گیرەکەکاندا پەیرەوی ســـیســـتەمێکی ســـەراپایی دەکات لەوەی بوترێت کە پۆلی زمانەکان (وەکو زمانی دابڕاو، تێکچڕژاو.... هتد)، ڕۆڵیان لەو جۆرە مۆرفۆلۆجیەدا نامێنێ.

**سەرچاوەکان**

-Booij , G , 2010. Construction Morphology. s.l.:oxford linguistics.
-Booij , G , 2018. Construction Morphology. s.l.:Oxford University Press.
-Cohn , Neil, 2013b. A multimodal parallel Architecture. London: Bloomsbury.
-Cohn , Neil, 2016b. A multimodal parallel Architecture. London: Bloomsbury.
-Cohn Neil , 2010. Semantics in Comics. s.l.:Chicago University press.
-Engelhardt ,Yuri , 2002. The language of Graphics. s.l.:University of Amsterdam Press.
-Forceville , C ,Elizabeth El , and Gert Meesters , 2014 . Stylistics in Comics. London : Rutledge.
-Jackendoff, R. a. A. 2016. Morphological Schema. s.l.:Oxford University press.
-Philips , B., & McQuarrie ,E . F , 2004. Beyond Visual Metaphor. s.l.:Blackwell Press.
-Philips , B., & McQuarrie ,E . F , 2017. Three Edition.
-Stoneham , j, 2011. The visual language of Comics. s.l.:Oxford University press.
-Wichman, Soren & Nilsen, J , 2016. Sequentinal Text – Image. London: Bloomsbury.
-Wildfeuer , J . & Bateman , J, 2016. Linguistically Oriented Comics , research in Germany. London: Bloomsbury.

**Combinatorial Morphology in Kurdish Language**

**Halala Mohammed Rasool**
Ministry of Higher education and Scientific Research/ Hawler Medical University
Halalamuhamed447@gmail.com

**Sabah Rasheed Qadir**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dr.sabahrashed@yahoo.com

**Abstract**
The research entitled (Combinatorial morphology in Kurdish Language), this language pattern similar to verbal languages is governed by a number of Rules, the language which we need to analysis is a visual or pictorial language. Compared to other languages is transforms elements and units used in it into images and signs. It is worth noting that this language pattern differs from sign Language. This language may use some linguistic elements that are not found in verbal languages, such the use of “Upfit and down fixes. The construction of these signs may Influenced by national Culture, The Concept of visual morphology formulates theoretical framework. The research divided onto three chapters
**Keyword**: Visual languages, Combinatorial Morphology, unfix and down fix

**علم الصرف التوافقي في اللغة الكوردية**

**هەلالە محمد رسول**
وزاره التعليم العالى و البحث العلمى/رئاسه جامعه هولير الطبية
Halalamuhamed447@gmail.com

**صباح رشيد قادر**
قسم اللغة الكردية ,كلية اللغات,جامعه صلاح الدين-أربيل, إقليم كوردستان,العراق
Dr.sabahrashed@yahoo.com

**الملخص**
الموسوم ب ( علم الصرف التوافقي في اللغة الكوردية ) هذا النمط من اللغات على غرار اللغات المنطوق تديرها عدد من القواعد اللغوية المتفق عليها، اللغة التي تحللها علم الصرف التوافقي هي اللغة المرئية أو التصويرية ،هذه اللغة و مقارنةً باللغات الأخريات تحول العناصر والوحدات المستعملة إلى صور و علامات، من الجدير بالقول بأن هذا النمط من اللغة تختلف عن اللغة المدعات باللغة الإشارية ، وقد تستخدم هذه اللغة العلامات والصور التي لا توجد تقابلاتها في اللغة المنطوقة، كإستعمال اللواصق الفوقية و اللواصق التحتية، و بناء هذه العلامات والصور قد تتأثر بعضها التراث القومي للغة، صياغة إطار نظري لهذه اللغة تكون حسب المفاهيم التي يصيغها علم الصرف التوافقي . تحاول الباحثة عرض اهم المبادئ المنتقاه من النظرية . يتوزع البحث على ثلاثة فصول
**الكلمات المفتاحية** : اللغة المرئية، علم الصرف التوافقي، اللاصقات الفوقية، اللاصقات التحتية.